# ڕاپۆرتی کاری کۆمەک 2011

کۆمەک پێدەنێتە پازدەهەمین ساڵی کارکردنیەوە. ئەمساڵ ئەنجامی تۆژینەوە و پرۆژەکانی ڕێکخراوی کۆمەک بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەو پرۆژە خەیاڵکردەی کە ئامانج بوو، بەپێی ئەو ڕێسا و هەلومەرجەی کە وەزارەتی پەروەردە هەیەتی لە فێرگەی حکوومەتیدا جێناگرێت. لەبەر ئەوە خەختی کار لەسەر ژێرخانی زانستی فێرکارییە.

لەم ساڵدا کار لەم بوارانەدا کراوە،

- هەڵسەنگاندنی تۆژینەوەکانی «فێرگەی خاوەن ساڵنامەی تایبەت»، «فێرگەی نەخت و پوخت» لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە. کێشە و گرفتەکانی بەردەم پرۆسەی فێرکاری.
- پیادەکردنی پرۆژەی «فێرگەی خاوەن ساڵنامەی تایبەت» لە فێرگەی نەورۆز لە شاری کۆیە، پاش هەڵسەنگاندن، پرۆژەکە ئەنجامی خۆی پێکا.
- وەشانخانەی کۆمەک
  - بەرەنگاری چەپاندن – ڕێنوێنی مامۆستا، کتێبێکی تایبەتە کە زمانی نۆروێژیەوە تەرجەمەکراوە. بە وردی باس لە بەرگرتن بە چەپاندن لە فێرگەدا دەکات.
  - سازمانگەری، کتێبێکی تایبەتە باس لە هونەری بەڕێوەبردن و ڕێبەرایەتی دەکات.
- کتێبی «فەلسەفە بۆ منداڵان»، لە لایەن کاک کەریم مستەفاوە نووسراوە و دەزگەی سەردەم بۆی چاپ کردوە. ئەم بابەتەش تەوەرێکی تایبەتە لە پرۆسەی فێرکاریدا، هاوکات بە بەردەوامی ماڵپەڕی www.p4ckurd.net لە نوێکردنەوەدایە.
- مێدیا، بەشداری لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا بۆ ڕوون کردنەوەی کێشەکانی پرۆسەی فێرکاری، وە پرۆژەی «پۆلی هاوچەرخ» وەک بژارەیەک بۆ چارەسەر.
- ماڵپەڕی کۆمەک، تازە کرایەوەتەوە و لە ئێستادا وەک سایتێک بۆ وەدەستخستنی زانیاری دێتە بەکارهێنان.
- سازدانی چەندین سێمینار لە بواری جیاوازدا لەسەر ئاستی پەروەردەی دەڤەرەکان و زانکۆ.
- تۆژینەوەی تایبەت لەسەر گرفتی فێرکاری لە دەڤەری بیتوێندا.
- هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ «تۆڕی فێرکاری برادۆست» بۆ دروست کردنی نموونەیەکی گەش لە فێرگەی هاوچەرخ. بۆ ئەمساڵ کار لە دوو فێرگە لە شاری ڕانیە و کۆیەدا دەکرێت.

سەرفراز بن
دەستەی ڕێبەری کۆمەک